## دەوڵەتی جمهوری کردستان

بۆ بواری تۆژینەوە لە مێژووی هاوچەرخی بۆکان،بە تایبەت مێژووی سیاسی- کۆمەڵایەتی شار و ناوچەکە، پێویستە سەرنجی تایبەت بدرێتە ئەو بەڵگەنامە گرنگانەی وا لە پێوەندی کار و چالاکییەکانی حەمەرەشیدخانی قادرزادە (دارۆخان) دان و لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوکراونەتەوە.
حەمەرەشیدخان لە قۆناخی پێک هاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد (١٩٤٦)، کەسایەتییەکی گرنگ و خاوەن دەسەڵاتی ناوچەی سەقز و بانە و مەریوان بوو و لە ئێران و عیراقدا تەنگ و چەڵەمەی زۆری بۆ هەردوو حکومەتەکان خوڵقاندبوو:

" ئای لە حەمە رەشیدخان، خەڵکی وێنە و دارۆخان
لەشکری شای رێ نا هەتا پێتەختی تاران."        فۆلکلۆر

لە سەرەتاکانی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، یەک لە گرفتە سیاسی-نیزامیەکانی کۆمار و رێبەرەکانی بریتی بوو لە چۆنیەتی هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو. ڕێبەرانی کۆمار نیگەرانی دەسەڵات و توانای حەمەرەشیدخان بوون و نەیاندەویست بچێتە بەرەی دەوڵەتی ئێرانەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئامادە نەبوون بەشێک لە دەسەڵاتی ناوەندیی کۆماری بدەنە دەست، جا مەسەلەکەیان بەو شێوەیە چارەسەر کرد کە بیکەنە قۆماندانی هێزەکانی کۆمار لە سنووری گەلێک گرنگی باشوور و بۆ ئەم کارەش، خانیان بە دەرەجەی ژەنەڕاڵییەوە کردە بەرپرسی ناوچەی "سەرا" لە نێوان بۆکان و سەقز. سەرا گوندێک بوو کە بە گوێرەی پەیمانی ساڵی ١٩١٥ ی نێوان رووس و ئینگلیز ناوچەی دەسەڵاتی هەردوو لایان لەوێ دەگەرایەوە. ئەو پەیمانی دابەشکرانی ئێرانە، گەرچی لە ساڵی ١٩١٧ و دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئوکتوبر هەڵوەشابوەوە، بەڵام لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی و هاوکاریی نێوان سۆڤیەت و ئینگلیز دژ بە فاشیسم دا، بە شێوەی "دوفاکتۆ" رچاو دەکرا و نە هێزەکانی سۆڤیەت لە سەرا بەرەو باشوور دەچوون و نە هێزی ئینگلیز لەوێوە دەچوونە باکوورتر. هۆی سەرەکی کۆماری کوردستانیش کە سەقز و بانەیان نەدەخستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هێزەکانیان لە سەرا و قاراوا نەدەبردە پێشەوەتر، خواستی سۆڤیەت بوو لە پێناو پاراستنی ئەو دابەشکردنە دوفاکتۆیە.
هەر چۆنێک بێت، حەمەرەشیدخان نیشتەجێ ی گوندی سەرا بوو و ماڵی "حەمەداغای عەبباسی" کردبوە پێگەی هێزی پێشمەرگە و بنکەی حوکمی خۆی لە ماوەی نزیک بە ١١ مانگ تەمەنی کۆماردا.
حەمەرەشیدخان، میرزا یا "کاتب" ێکی هەبوو، کە ئیش و کاری دەفتەریی بۆ جێ بە جێ دەکرد، نامەی بۆ دەخوێندەوە و وەڵامەکانی بۆ دەنووسییەوە. ئەو کاتبە ناوی میرزا "محمد امین مەنگوڕی" بوو. مەنگوڕی خەڵکی باشووری کوردستان و رووناکبیرێکی تێگەیشتوو و نووسەرێکی بە توانا بوو، کە چەند کتێبی نووسیوە.
دوای تێک شکانی کۆمار و چوونەوەی حەمەرەشیدخان بۆ باشووری کوردستان، مەنگوڕیش گەرایەوە باشوور و لەم گەرانەوەیدا بە کارێکی گرنگ هەڵسا، ئەویش پاراستن و راگواستنی بەڵگەنامەکانی بەردەستی بوو. دوای گەیشتنی بەڵگەنامەکان بە باشوور و پارێزرانیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، هەموویان لە رێگای کاک نەوشیروان مستەفا ئەمینەوە دەدرێنە خوالێخۆش بوو مەحموودی مەلاعیزەت.
کاک مەحموود لە ساڵانی نێوان ١٩٩٢ و ١٩٩٧ دا بە ئەرک و زەحمەتێکی زۆر و یارمەتی خواستن لە خەڵکانی شارەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرجەمی بەڵگەنامەکانی لە سێ بەرگ کتێبدا بڵاو کردەوە، بەم شێوەیە بەشێکی بەرچاو لە نامە و پێوەندەکانی کۆمار پارێزران و لە فەوتان رزگاریان بوو.

بەڵگەنامەکان بابەتی هەمە چەشنەیان هەیە، لە نامەی بەرپرسانی کۆمارەوە، بۆ حەمەرەشیدخان تا بارودۆخی بارزانیەکان لە ناوچەکە، داواکاری بەرپرسانی بنکەی سەرا لە ئاغاوەتی فەیزوڵڵابەگی دەورو بەری بۆکان و سەقز، نامە و داخوازییەکانی ئەوان، نامە گۆڕینەوەی نێوان لقەکانی هێزی سوپایی کۆمار و دەیان بابەتی دیکە.
زۆربەی زۆری نامەکان لە پەیوەندی ناوچەی بۆکان و سەقزدان و کەسایەتییەکان، هی ئەو ناوچەیەن، نموونەی دەستخەتی شەهیدان عەلی بەگی یەکشەوە (شێرزاد)، ئەحمەد خانی فاروقی، قودسی، میرحاج، مستەفا خۆشناو و کەسانی وەک ئیبراهیم سەلاح و جەعفەر خان کەریمی، هاورێ لەگەڵ هەندێ بەیان و راگەیاندنی کۆمار و گەلێک بابەتی دیکە ناوەرۆکی بەڵگەنامەکانن.
ئەوەش تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە بەنرخە بۆ ئەویندارانی مێژووی بۆکان و کوردستان:

١- دەوڵەتی جمهووری کوردستان – نامە و دۆکومێنت، مەحموود مەلا عززەت کۆی کردۆتەوە و رێکی خستوە، نامە فارسییەکانی کردوە بە کوردی، پەراوێز و تۆماری بۆ کردوە و پێشەکی بۆ نووسیوە. بەرگی یەکەم، سوید، ئازاری ١٩٩٢، ٣٧٣ لاپەرە و ٢٣٩ دۆکومێنت،
٢- بەرگی دووەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٥، لاپەرە ٣٨٠ تا ٦٦٩ ، بەڵگەنامەی ژمارە ٢٤٠ تا ٤٤٨ هاورێ لەگەڵ چەند نەقشە.
بەرگی سێهەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧، لاپەرە ٦٦٧ تا ١٠١٥، بەڵگەنامەی ژمارە ٤٤٩ تا ٥٥٧، هاورێ لەگەڵ چەند وێنە و دەستخەتێکی پێشەوا قازی محەمەد.